کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 21:40 23-10-2007

**مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی نامەیەک ئاراستەی سەرەک وەزیرانی تورکیا دەکات**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

## یا ایها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا ....

بەرێز سەرۆك وەزیرانی كۆماری توركیا

السلام علیکم

دوای ئەو سەركەوتنە یەك لەدوای یەكانەی كە پارتی (داد و گەشەپێدان) بەدەستی هێنا لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەكانی تەموزی (2007) داو دواتر سەركەوتنی بەرێز عەبدوڵلا گول بۆ پۆستی سەرۆك كۆماری توركیا خەڵكی كورد هیوایەكیان بۆ پەیدا بوو، بە تایبەت دوای سەردانەكەی سەرۆك كۆمار بۆ ناوەندێكی كوردستانی توركیا كەلە ووتەكانی دا هیوا بەخشی پێوە دیار بوو بۆ خەڵكی كورد.
بۆیە ئومێدەوارین لە ماوەی حوكومڕانیتاندا كێشەی گەلی كورد لە توركیا لە ڕێگای دانوستان و دیبلۆماسیەوە چارە سەر بكرێت نەك بڕیاردانی هەڕەشەكردن و لەشكركێشی بۆ سەر هەرێمی كوردستانی - عێراق دڵنیا بن سەركەوتنی مێژوویی بە دەست دێنن ئەگەر كێشەكە لە ڕێگای گفتوگۆو دانوستانەوە چارەسەر بكەن، ئەو كات نەتەوەی كورد لە هەموو جیهاندا دەبێتە دۆستی هەمیشەیتان نەك بەزۆری هێزو لەشكركێشی بۆ سەر هەرێمی كوردستان بەناوی لێدان و ڕاوە دونانی pkk. ئەمە هەرگیز لەبەرژەوەندیتان نابێت و زەرەرمەند دەبن و میللەتی كوردیش لە خۆتان تورە دەكەن، شایانی باسیشە ئەزموونی لەشكركێشی زیاتر لە جارێك تاقی كرایەوە بێ سود بوو، خوازیارین لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و حكومەتی هەرێمی كوردستان دا لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەركردنی كێشەكە بكەن چونكە ئەم ڕێگایە ئاسانە و ماوە زۆرە و فرسەتیش هەر لە دەست نەدرێت ئەمە لە لایەك لە لایەكی تریشەوە دەبێت pkkبەرژەوەندی گەلانی توركیاو خەڵكی كوردستانی عێراق بپارێزێت و نابێت كێشە بۆ هەرێمی كوردستان دروست بكات.

مەكتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامیی
1428/10/8ك
2007/10/18ز

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.